ماڵی بەرپرسێکی بەڕێی تورکمان لە شاری کەرکووک کرایە ئامانج

بەیانی ئەمڕۆ شەممە (5ـی تشرینی یەکەمی 2024)، تەقینەوەیەک لە گەڕەکی موسەللا لە شاری کەرکووک ڕوویدا و بەهۆیەوە بەرپرسی ماڵی تورکمان، سایگن هاجەرئەغلو کرایە ئامانج.

بەڕێی تورکمانی لەو بارەیەوە ڕاگەیاندراوەکی بەاوکردەوە و تیایدا هاتووە، "بەتوندی سەرکەنەی ئەو تەقینەوە تیرۆریستییە دەکەین کە ئەمڕۆ شەممە لە گەڕەکی موسەللا شاری کەرکووک ڕوویدا کە بەهۆیەوە بەرپرسی تورکمان، سایگن هاجەرئەغلو و ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنی دیکە بریندار بوون".

ڕاشیگەیاندووە: "گرووپە تیرۆریستییەکان بە ئەنجامدانی ئەم کردەوە ترسنۆکانە کە کەسایەتی و سەرکردەکانی کەمەڵگای تورکمان لە کەرکووک دەکەنە ئامانج، دەیانەوێت ئاسایشی و سەقامگیری شارەکەمان تێک بدەن و ئاژاوەش بخەنە نێو پێکهاتەکانی ئەم شارە".

لە ڕاگەیەندراوەکە جەختیش کراوە کە ئەم کردارە وایان لە دەکات زیاتر پابەند بن بە یەکێتی و بەرگریکردن لە مافی نەتەوەکەیان لە کەرکووک و هاتووە: "داوای لە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکەین کە هەموو ڕووشوێنێکی پێویست بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە پارێزگای کەرکووک بگرێتەبەر، هەروەها ڕێگاش بەهیچ گرووپێکی تیرۆریستی نەدرێت ئارامی شارەکە تێک بدەن و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بە سزای توندی یاسایی بگەیەندرێن".